# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
# ژمارە (٦٣) لە ٢٠٢٠/٧/١

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەبەر ڕۆشنایی بڕگەی (دەیەم) لە ماددەی (دووەم) لە یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ (یاسای وەزارەتی پلاندانان لە هەرێمی کوردستان)، و لەسەر پێشنیاری بەڕێز وەزیری پلاندانان، و ئاماژە بە کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٢) لە ٢٠٢٠/٧/١، و لە پێناوی دارشتنی سیاسەت و پلانی حکومەت بۆ پشتیوانیکردنی کەرتی تایبەت و بەشداریپێکردنی لە گەشەپێدانی ئابووری و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان لە هەرێمی کوردستان، و فەراهەمکردنی ژینگەیەکی یاسایی و بەڕێوەبردنی لەبار بۆ چالاکیی بازرگانی و وەبەرهێنان، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

**یەکەم: لەسەر ئاستی یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییەکان:**

ڕاسپاردنی سەرجەم وەزارەت و دەستە و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت بۆ پێداچوونەوەی سەرجەم ئەو یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییانەی کە پەیوەندیدارن بە کەرتی تایبەت، و دەستنیشانکردنی ئەو دەق و بڕگانەی کە پێویستییان بە هەموارکردنەوە هەیە ئەویش لە ڕێگای ئامادەکردنی ڕەشنووسی پڕۆژە یاسا و پەیڕەو و ڕێنمایی نوێ، یان هەموارکردنەوەی ئەوانەی کە ئێستا کاریان پێدەکرێت. بۆ ئەم مەبەستەش، ئەنجومەنی شوورای هەرێمی کوردستان لە وەزارەتی داد و لیژنەی یاسایی لە ئەنجومەنی وەزیران و بۆردی یاسایی و ستراتیژی لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران هاوکاریی وەزارەتی پلاندانان دەبن بۆ دارشتنی میکانیزمی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕگەیە.

**دووەم: لەسەر ئاستی پڕۆسە و ڕێکار و بیرۆکراسی و ڕۆتینی ڕاییکردنی مامەڵەکانی کەرتی تایبەت لە دامەزراوەکانی حکومەت:**

ڕاسپاردنی سەرجەم وەزارەت و دەستە و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت بۆ پێداچوونەوەی سەرجەم ئەو ڕێکار و میکانیزم و پرۆسانەی کە پەیوەندیدارن بە ڕاییکردنی مامەڵەکانی کەرتی تایبەت و دەستنیشانکردنی ئەوانەی کە پێویستییان بە ڕێکخستنەوە هەیە بە سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیای زانیاری و (پڕۆژەی خزمەت) بۆ ڕاییکردنی

مامەڵەکان لە کاتێکی گونجاو و بە کوالێتییەکی باش و کەمکردنەوەی ئەڵقە زیادەکانی ئیداری. بۆ ئەم مەبەستەش (پڕۆژەی خزمەت) لە نووسینگەی تایبەتی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی (دارایی و ئابووری، پلاندانان، بازرگانی و پیشەسازی) و دەستەی وەبەرهێنان کاردەکەن بۆ دارشتنی میکانیزمی پێویست لەم بارەیەوە.

**سێیەم: ڕێکخستنەوەی سیستمی بانکی لە هەرێمی کوردستان:**

لە پێناوی گۆڕینی ئابووری هەرێمی کوردستان لە ئابوورییەکی کاش و نەختینەوە بۆ ئابوورییەکی بانکی و ئەلکترۆنی، بە جۆرێك زۆربەی ئاڵوگۆڕی مامەڵەی دارایی گشتی و تەنانەت مامەڵەی دارایی هاووڵاتییانیش و پێدانی باج و ڕسومات قۆناغ بە قۆناغ لە ڕێگەی خزمەتگوزاریی ئەلکترۆنی بانکییەوە بێت، و بە ڕەچاوکردنی ئەوەی سیستمی بانکیی پێشکەوتوو کۆڵەکەیەکی گرنگی وەبەرهێنانە و ڕۆڵێکی دیاری هەیە لە هاندانی وەبەرهێنانی بیانیی ڕاستەوخۆ. بۆ ئەم مەبەستە، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە ڕاسپاردنی ئەنجومەنی ئابووری، و وەزارەتی دارایی و ئابووری، و لقی بانکی ناوەندی لە هەرێم، و دەستەی وەبەرهێنان، بۆ هاوکاریکردنی وەزارەتی پلاندانان لە دارشتنی پلان و میکانیزمی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕگەیە.

**چوارەم: لە بواری باجەکان:**

ڕاسپاردنی هەردوو وەزارەتی پلاندانان و دارایی و ئابووری بۆ دانانی پلانی سیستەمێکی یەکپارچەیی باج لە هەرێمی کوردستان بە هاوکاریی وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی (بازرگانی و پیشەسازی، شارەوانی و گەشتوگوزار، سامانە سروشتییەکان) و دەستەی وەبەرهێنان و ئەنجومەنی ئابووری بە مەبەستی دابەشکردنی دادپەروەرانەی داهات و سامان لە کۆمەڵگا بە شێوەیەک کە باج لە کۆمپانیاکان وەربگیردرێت و بەکاربهێندرێت بۆ خزمەتکردنی هاووڵاتییان.

**پێنجەم: لە بواری یاساکانی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنی بازاڕی کار:**

ڕاسپاردنی هەردوو وەزارەتی (کار و کاروباری کۆمەڵایەتی) و (پلاندانان) بۆ دارشتنی پلان لەم بوارە، و پەلەکردن لە پەسەندکردنی پڕۆژە یاسای نوێی کار لە سەر بنەما نێودەوڵەتییەکان کە ماوەیەکی زۆرە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بە هەماهەنگیی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی کار لەسەر ئەم پڕۆژەیە دەکەن، سەرەڕای بابەتەکانی سنووردارکردنی کارکردنی کرێکاری بیانی لە هەرێم بە جۆرێك هێنانی کرێکاری بیانی تەنها لەو کەرتانە

بێت کە کرێکاری ناوخۆیی ئامادەیی نییە بۆ کارکردن یاخود شارەزایی تەواوی نییە لە بوارەکەدا، و وەرگرتنی باجی دەرامەتی کرێکاری بیانی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی، و ڕووپێوکردنی کرێکارانی بیانی لە کۆمپانیاکان، و داڕشتنی بەرنامەی بیمەی بێکاری، و داڕشتنی بەرنامەی خانەنشینی لە کەرتی تایبەت و هەژمارکردنی خزمەت لە کەرتی گشتی بۆ کەرتی تایبەت و بە پێچەوانەشەوە.

**شەشەم:** سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بە هەماهەنگی وەزارەتی پلاندانان بڕگەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران